کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:46 25-9-2007

**هێزەکانی ئەمریکا لە دەستەڵاتدارانی کورد بە گومانن؟ ... فاتیح ئیسماعیل ئەحمەد**



بۆ جاری سێیەمە هێزەکانی ئەمریکا هەڵدەکوتنە سەر میوانەکانی دەسەڵاتدارانی کورد، کە لە سێ کاتی جیاواز و سێ شوێنی جیاوازدا، یەکەم لە کۆتایی ساڵی (2006) لە ناو بەغدای پایتەخت، میوانێکی سەرۆک کۆماری عیراقی فیدراڵ بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) کە کەسایەتیەکی دەسەڵاتداری ئێرانی بوو لە ناو بەغدا فڕاندیان بە بێ گەڕانەوە بۆ ڕای سەرۆک کۆمار و ئەو هەموو ڕێگا و جێگایانەی کە لە پەیوەندی دوو وڵات و بەرپرسانی باڵای وڵاتان هەیە. دووەم لە سەرتایی ساڵی (2007) نمایەندەیەکی ئێرانی کە بە ڕەزامەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێری پایتەخت کرابوو و هەڵسوڕینەکانیان گرتن لە بەرەبەیانێکی زوو بە فرۆکە دایان بە سەر جێگاکەیان بە بێ پرسکردن بە ئاسایش و دەسەڵاتی هەرێم، کە هەتا ئێستاش چارەنوسیان نادیارە بە ڕزگارکردن، لە کاتێدا ڕۆژانە دەوامی خۆیان دەکرد و پۆلیسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاسەوانی دەکردن. ئیدی هەرچیەك بووبن پێویستی بەو شێوازە نەبوو. چونکە ماوەیەکی زۆر بوو ئەو قۆنسۆلخانەیە کرابوو و ئیشی هەماهەنگی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان دەکردو کە ئەو هەماهەنگی و پەیوەندیانە زۆر لە مێژە هەیە، دەتوانین ئەوە بڵێن بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و میللەتی کورد بە شێوەیەك لە شێوەکان قەرزاری حکوومەت و خەڵکی ئێرانن، چونکە لە کاتە سەخت و مەترسیدارەکاندا پەناگە و هاوکاری شۆڕش و گەلی کورد بوون.

سێیەم گرتنی ئاغای فەرهادی نوێنەری بازرگانی پارێزگای کرماشانی ئێران لە سلێمانی لە کاتژمێر (5-4) ی بەیانی (2007/9/19) کە میوانداری پارێزگاری سلێمانی بوو بۆ کاروباری بازرگانی بە تایبەتی سووتەمەنی، بەدەیان کۆماندۆسەوە دایان بە سەر شوێنی حەوانەوەیان و گرتیانن و بردیانن بۆ جێگایەکی نادیار بە بێ ئاگاداری پارێزگار و ئاسایش و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، کە لەکاتێکدا بە بانگهێشتێکی ڕەسمی سەردانی سلێمانیان کردبوو، وەك هەواڵەکانیش لە دەزگامانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکرایانکردەوە کە ئەو شاندە سەردانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری سلێمانیان کردووە بەمەبەستی بازرگانی. زیاتریش لە ساڵێکە پارێزگای کرماشان و ئەو شاندە هاوکاریەکی زۆر باشی سوتەمەنی هەرێمی کوردستانمان کردوە بەتایبەتی شاری سلێمانی، جیا لە هاوکاریەکانی دیکەی بازرگانی، بەڵکو زۆر لە ڕێگا چارەکانی هێنانی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان ئەو پارێزگایە بووە. بۆ ئەو مەبەستەش بانگهێشت کرابوون.

جا لە کاتێکدا خودی سەرۆك کۆماری ئێران لە ئەمریکایە و هەروەها تا ئێستاش لە بەغدا دووجار کۆبوونەوەی ئەمریکای ئێران کراوە بە ئاشکرا.. ؟!، جیا لەوانەش باڵیوزخانەی ئیران بە ڕەسمی لە بەغدا کراوەتەوە، لەتەك ئەوەشدا گەورەترین باڵیوز و هێزی ئەمریکایی لە عێراقدا هەیە. سەرەڕای گەڕانەوەی سەروەری بۆ هەرێمی کوردستان و دانەوەی مەلەفی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە هێزەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام هێزەکانی ئەمریکای هاوپەیمان لە لایەك ئیحراجی بۆ سەرۆك کۆمار دروست دەکەن و لەلایەکی دیکە دبلۆماسێت و هەماهەنگی و سەروەوری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر ئێراندا دەخانە خانەگومانەوە، ئیدی دەتوانین ئەو پرسیارانە بکەین. ئایا ئەمریکا بە گومانە لە دەسەڵاتدارانی کورد (بەغدا و هەرێمی کوردستان)، چونکە ئەوەی کراوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەرامبەر ئیرانیەکان هەر لە میوانەکانی کورد کراوە، یاخود ئایا بەگومانە بە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران... ؟! جا پەیوەندیەکانیش وەك پەیوەندی نەك هەر عێراق بەڵکو پەیوەندی زۆر لە دۆستەکانی ئەمریکا وەك وڵاتانی کەنەداو و تورکیا و ئەوروپا یە، یان ئایا بەگومانە بە ئاسایش و دەسەڵاتی کوردی... ؟! کە ئەوش جێگای لەسەر وەستانە، چونکە بە گەواهی زۆر لە ئاگایانی سیاسی و سەربازی و ئابووری... هتد هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی کورد فاکتەری ئارامین بۆ عێراق و بەڵکو وەك خاڵێکی ستراتیژیەتی ئەمریکا لە عێراق بەسەرکەوتوی دەنرخێنرێت، بەڵکو نموونەی هەرێم و بەرپرسان دەکەونە خاڵە بەهێزەکانی سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا لە پڕۆسەی ئازادی عێراق، لەتەك ئەوەشدا زۆر بەراشکاوی مەلەفی ئەمنی هەرێمی کوردستانیان دایەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەم هەنگاوانە وامان لی دەکات خان گومان بین بە سیاسەت و ئامانجی ئەمریکا بۆ کورد و کوردستان... !؟، چونکە هاوپەیمان و هاوکاری کورد بۆ زۆر لە گیروگرفتەکان کە کۆماری ئیسلامی ئیرانە و خەڵکی ئێرانە ئێستا دەرگای سنووریان بەتەواوی لەسەر هەرێمی کوردستان داخستووە، ئەگەر بەردەوام بێت بە تەئکید هەر هیچان دووچاری قەیرانێکی دیکەی سووتمەنی دەبێتەوە، کە بەداخەوە رێگاکانی دیکە بۆ هێنانی زۆرشت بەتایبەتی سوتەمەنی بەتایبەتی گیراوە یاخود ئاسایی نییە.. ؟!.

fateheahmad@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.